وەزارەتی ناوخۆ کۆژرانی بازرگانێکی مەترسیداری ماددەی هەشبەری لە بەسرە راگەیاند

ئەمە چوارشەممە، وتەبێژی وەزارەتی ناوخۆ و شانەی راگەیاندنی ئەمنی عەمید میقداد میری، کۆژرانی بازرگانێکی مەترسیداری مادەی هەشبەر دوای پێکدادان لەگەڵیدا لە بەسرە ڕاگەیاند.

میری لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند: هێزێکی هاوبەش لە نەهێشتنی ماددە هەشبەرەکانی بەسرە و فەوجی سوات گەیشتنە شوێنی بازرگانێکی مەترسیداری ماددە هەشبەرەکان، دوای پێکدادانیان لەگەڵیدا، توانیان بیکوژن.

ئاماژەی بەوەشکرد: ئەو بازرگانە سێ ڕۆژ لەمەوبەر لەگەڵ هێزێکی ئەمنی روبەروو بووەوە دوای بریندارکردنی ئەفسەرێکی پۆلیس توانی هەڵبێت، بەڵام هێزە ئەمنییەکانمان بەردەوام بوون لە هاوەدوونانی تاکو لێناوبرا.